# ڕێگە نەماوە بێجگە لە هەڵوەشاندنەوە

**دوای ئەوەی بەرهەمی چڕوپڕی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ سەرکوتی ئازادی ڕۆژنامەگەری کە پڕۆەیاساکەیان بوو کەوتە بەردەم نارەزایەتی و نەفرەتی بەرفراوانی ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازانی کوردستان , ئەم نارەزایەتیانە ڕوبەڕوی پەرلەمانیش بویەوە ، کە وەك قۆناغی دووهەم و تەواوکردنی هەوڵەکانی سەندیکا هەوڵەکانیان خستەگەڕ بۆ بەرتەسك کردنەوەی ئازادی ، کە دەستی بەرزی پەرلەمان تاران شاهیدی ئەو ڕاستیەبوون , وەك پێشتر سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و لایەنگرانی پەرلەمان و نوسەرانێك کە خۆشخەیاڵی خۆیان بە تەعدیلکردنی ئەو یاسایە بەیانکردبوو، باسی گێڕانەوەی یاساکە بۆناو پەرلەمان و ئومێدی ئیمزا نەکردنی سەرۆکی هەرێمیان کردبووە ئاسۆی فەراهەمبونی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی . بەڵام ئێستا پرۆژەکە لەبەردەمی پەرلەماندایە!!!.**

**بە لەبەرچاوگرتنی ناوەرۆکی سەندیکاو ئەو قۆناغانەی کە ئەو پڕۆژەیاسایەی پێداتێپەڕی ئەگەین بەو ڕاستیەی کە نە ئیمزانەکردنی سەرۆکی هەرێم و نە گێڕانەوەی ئەو یاسایە بۆناو پەرلەمان و نە پێشنیاراتەکانی "سەندیکا" ناتوانن ئەو پڕۆژەیاسایە بگەیەننە ئاستێك کە ئازادی ڕۆژنامەنووسی فەراهەمبکات . چونکە سەرۆکی هەرێم خۆی باش دەزانێت کە جارێك دەتوانێت ئیمزا لەسەر ئەو یاسایە نەکات و جاری دوهەم ئیجباریە دەبێت ئیمزای بکات . خۆ ئەگەر بگەڕێتەوە ناو پەرلەمانیش دەچێتەوە بەردەم هەمان ئەو دەستانەی کە چەقۆی سەندیکایان لەسەرملی ئازادی تیژترکردەوە ، خۆ ئەگەر لە باشترین حاڵەتدا دڵی یەك دوو ئەندام پەرلەمانی دیکەش نەرم ببێت دیسان زۆرینەی دەنگ دەهێنێت و سەرۆکی هەرێم ئیمزای ئەو حوکمە بەسەر ئازادیدا جێبەجێ دەکات . یان لە باشترین حاڵەتدا یاساکە دەگێڕنەوە دۆخی سەرەتای پڕۆژەکەی سەندیکا ، ئەوکات نەك ناتوانێت ئازادی فەراهەمبکات بەڵکو دەچێتەوە ئەو دۆخەی کە بەبێ دەستکاریەکانی پەرلەمانیش نارەزایەتی زۆربەی هەرەزۆری ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازانی چو بەگژدا ، چونکە ئەو یاسایە لە بناغەوە کە لە دڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانەوە هاتوە کۆنەپەرستانەیەو دڵی ئازادی دەگوشێت . وە هەموو ئەو هەولانەی سەندیکا بەدرۆدەخاتەوە کە خەریکە لەژێرناوی تەعدیلکردنی ئیزافەکانی پەرلەماندا بۆ ئەستۆپاکی لە خنکاندنی ئازادی دەستی پێکردوە .**

**گێڕانەوەی ئەو یاسایە بۆناو هۆڵی پەرلەمان و گفتگۆ کردن لەسەری دووبارەکردنەوەی هەمان نمایش و قۆناغە کە پێشتر ئەو یاسایەی پێدا تێپەڕیوە وە خۆشخەیاڵییە بە تەبلیغاتی سەندیکایەك کە بەرهەمەکەی پڕۆژەیاسایەکە زمانی ڕۆژنامەنووسان دەبەستێت و قەڵغانی پاراستنی بیری تایەفەگەریە ڕاستەوخۆ پشتکردنە لە ئازادی قەڵەم و قایمکردنی هەوڵەکانی سەندیکایە بۆ بەرتەسك کردنەوەی ئازادی .**

**بەڵام ڕێگایەك کە دەتوانێت بەدوای ئازادی ڕۆژنامەگەریەوەبێت کۆبونەوەی ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازانە لە دەوری خواستی هێنانەدەرەوەی ئەو یاسایە لەناو هۆڵی پەرلەمان و هەڵوەشاندنەوەی ئەویاسایەیە . لەهەمانکاتدا کارکردن بۆ گەڵاڵەکردن و سەپاندنی یاسایەکی پێشکەوتو ئازادیخواز کە تەواوی ئازادیەکانی بیروڕا فەراهەم بکات , دەستەی بەرگری لەئازادی ڕادەربڕین لەمبارەیەوە ئامادەی تەواوی هەیەو بانگەوازی تەواوی ئازادیخوازان دەکەین لەپێناو هەوڵی فەراهەم کردنی ئازادی ڕادەربڕین لەدەوری یەك کۆبینەوە .**

## دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین

2007-12-29